بۆکان لە مێژوودا (٢١)          ئەنوەر سوڵتانی

## بیرەوەرییەکانی عبداللە ناهید(افتخار)

عەبدوڵڵاخانی ناهید(ئیفتخار) کەسایەتی سیاسی و هونەری و ئەدەبی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکانە. ناهید لە ساڵی ١٨٩١ لە دایک بووە و لە ١٩٤٥ وەفاتی کردوە، بۆ ماوەی سێ دەورەی چوارساڵە نوێنەری شاری سەقز بوە.
بیرەوەرییەکانی ناهید کە بە زمانی فارسی نووسراون، لەلایەن مامۆستای پایەبەرز ئەحمەدی قازییەوە ئامادە کراون و لە چاپ دراون. لەم کتێبەدا ناهید ڕووداوەکانی ساڵانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی تا ماوەی شەڕ و هەروەها ساڵانی دوای ئەو هەتا ١٩٤٢ی تۆمار کردوە.
زۆربەی زۆری ڕووداوەکانی ناو کتێبەکە لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و سەقز و بۆکان ڕوویان داوە و تێیاندا باسی شەڕ و پێکدادانی ڕووس و عوسمانی، قاتی و گرانی، تاڵان و بڕۆ و ئیعدام و قەتڵی عامی ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی عوسمانی و ڕووس و چەوسانەوەی خەڵک لەلایەن مەئموورانی ئێرانی کراوە. شوێنی هەندێک لە شەڕەکان لە ناوچەی موکریان(مەهاباد، بۆکان، سەقز و بانە) بوە و نووسەر ناوی گەلێک گوندی دەوروبەری بۆکان وەک ئاڵبلاغ و گۆل و سلێمانکەندی و زۆر کەسایەتی وەک سەردار حەمە حسین خان و سەردار عەلی خان دەبات و لە ئێعدامی حاکمی بانە و سەقز و سەردار موکری لەلایەن سوپای عوسمانییەوە دەدوێت. کتێبەکە دارماڵی زانیاریی ناوچەی بۆکانە لەو سەردەمەدا.

خاطرات من، بقلم عبدالله ناهید(افتخار) یکی از رجال کردستان، به اهتمام احمد قاضی، چاپ اول، ناشر نفیسی فر، تهران(؟) ١٣٦٢ {١٩٨٣}، ١٠٧ صفحه